سەماحەتی حەکیم داوای پێشخستنی کەرتی وەرزش و هەوڵدان لەسەر سەرژمێرکردنی لاوانی کەمەندگای عێراقی دەکات

لەڕێی چوارشەممە بەرواری 19-7-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی لەچوارچێوەی چاوپێکەوتنی بە بەڕێز عەدنان درجال سەرۆکی فیدراسیۆنی تەپی پێی عێراق باس لە بەردەوام بوون لە پێشخستنی تەپی پێی عێراقی کرا لەبەر ئەوەی کاردانەوەی باشی لەسەر ناوەندی لاوانی عێراق هەیە، هەروەها پیرۆزبایی ئەنجامی باشکانی هەبژاردە جیاجیاکانی عێراقی کرد.

سەماحەتی حەکیم داوای کرد سوود لە ئەزموونی ئەوانی دیکە وەربگرن بە بنیاتنانی هەبژاردەکان و ئەکخستنی پاڵەوانێتیە ناوخۆییەکان، دووپاتیشی کردەوە کە گرنگە عێراق میوانداری پاڵەوانێتیە گەورەکان بکات، لەبەر ئەوەی کاریگەری ئەرێنی لەسەر ناو ناوبانگی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئاستی سەقامگیری هەیە، نموونەشی بە کاریگەری ئەرێنی میوانداریکردنی پاڵەوانێتی 25 ەمین جامی کەنداوی لەبەسرە هەنایەوە کە لەسەر هەموو ئاستەکان کاردانەوەی ئەرێنی هەبوو.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە پێویستە بایەخ بە وەرزشی قوتابخانەکان و قوتابخانەی بەهرەمەندان بدرێت، جەختیشی کردەوە لەسەر هاریکاری کردن و کامە بوونی ناوخۆی لەگەڵ لقی یەکێتییەکان و دامودەزگایەگانی دیکە و وەزارەتی لاوان و وەرزشدا.